**يارمەتی دارايی: چەند زانيارييەك بۆ ئەو كەسانەی كە دەگوێزرينەوە لە كەمپەكانەوە بۆ بنكە ميوانداريیەكانی كۆميسيۆنی باڵای نەتەوە يەكگرتووەكان بۆ پەنابەران**

**مارتی ٢٠١٧**

**ئايا بەم زووانە گويزراونەتەوە لە كەمپێكی فەرمييەوە كە لە لايەن حكومەتەوە كارەكانی هەڵدەسووڕێنرێت بۆ جۆرێكی تری بنكەی ميوانداری كە بەڕێوە دەبرێت لە لايەن ڕێكخراوێكی هاوكاری كۆميسيۆنی باڵای نەتەوەيەكگرتووەكان بۆ پەنابەران، وەك ئوتێل يان شوقە؟**

**ئەگەر ئەمەی سەرەوە لە ئارادايە، دەبێت ئەمانەی لای خوارەوە بزانيت:**

- بەردەوام دەبن لە وەرگرتنی يارمەتييە داراييەكە لە جێگەی نيشتەجێبوونە نوێكەتان.
- كارتی نوێتان پێدەدرێت لەو شوێنەی كە گوێزراونەتەوە بۆی، هەر زوو ڕێكخراوە هاوكارەكەی كۆميسيۆنی باڵا ئاگادار بكەنەوە لەو شوێنەی كە هاتوون بۆی و لەو شوێنەی كە پێشتر لێی نيشتەجێ بووبوون. ئەم زانياری پێدانە زۆر گرنگە، دروستی ئەم زانيارييە بەراورد دەكرێتەوە پێش ئەوەی يارمەتييە داراييەكەی خۆتان و خێزانەكەتان پێبدەن.
- كارتی ئەوشوێنەی كە پێشتر لێی نيشتەجێ بون هەر كار دەكات، بەڵام جارێكی تر پارەی ناخرێتەوە سەر. ئەمەش مانای ئەوەيە كە هێشتا دەتوانن بەكاری بهێنن تاوەكو هەموو ئەو برە پارەيەی خراوەتە سەر كارتەكە تەواو دەبێت.
- بڕی ئەو يارمەتييە داراييەی كە دوای گوێزانەوەتان وەريدەگرن، بەندە بە جۆری ئەو بنكە ميوانداريیەی كە بۆی گوێزراونەتەوە و كە ئايا پێدانی ژەمە خواردنی تێدايە يان نەء.
- بۆ نموونە ئەگەر بگوێزرێنەوە بۆ ئوتێلێك كە ژەمە خواردنی تێدا بدرێت يان چێشتخانەی مەزنی تێدا بيت يان تەباخی تيدا بێت بۆ بەكارهێنانی گشتی، ئەوا ئەو بڕە پارەيەی كە دەچێتە سەر كارتەكەتان يەكسان دەبێت بە هەمان ئەو بڕە پارەيەی كە ئێستا وەريدەگرن لە كەمپەكەدا كە خواردنی تێدا دابەش دەكرێت.
- بۆ نموونە، ئەگەر بگوێزنەوە بۆ شوقە و لەوێ خۆتان توانای ئەوەتان هەبێت كە خواردن ئامادە بكەن يان چێشتخانەی تايبەت، ئەو بڕە پارەيەی كە دەخرێتە سەر كارتەكەتان زۆرتر دەبێت لەو بڕە پارەيەی كە ئێستا وەريدەگرن لە كەمپەكەدا كە خواردنی تێدا دابەش دەكرێت. چونكە ئيتر ژەمە خواردنی ئامادەكراو وەرناگرن.

**پێويستە كە چی بكەم؟**

- پێش ڕۆيشتنەكەتان، تكايە ئاگاداری بدەن بەو ڕێكخراوەی كە بەرپرسە لە پێدانی يارمەتی دارايی و بە بەڕێوەبەرايەتی ئەو كەمپەی كە لێی نيشتەجێن، دەربارەی ئەوەی كە بۆ كوێ دەگوێزنەوە.
- وە هەر كە گەيشتنە جێگە نوێكەتان، تكايە ئاگاداری بدەن بەو ڕێكخراوەی كە بەرپرسە لە پێدانی يارمەتی دارايی لە جێگە نوێيەكەتان، دەربارەی ئەوەی كە لە كوێوە هاتوون و ئەگەر لە تواناتدا بێت، ناوی ئەو ڕێكخراوەی كە يارمەتييە داراييەكەی دەدانێ لە شوێنەكەی پێشووتاندا.

**ئايا بەردەوام دەبم لە وەرگرتنی يارمەتی دارايی لە شوێنی نيشتەجێكەی پێشووم؟**

- نەخێر، ئەگەر لە شوێنی نيشتەجێبوونەكەتان بڕۆن، يارمەتييەكە **تەنها** لە بنكە ميوانداريیە نوێكە وەردەگرن.
- بۆ دووركەوتنەوە لە ناو تۆماركردنی دووبارە و بۆ ئەوەی كە هەموو ئەو ڕێكخراوانەی يارمەتييەكە دەدەن بتوانن تاوەكو چەند لە توانادا هەبێت پشتگيری خەڵكێكی زۆرتر بكەن،يارمەتييە داراييەكەی كەمپەكەتان دەبڕدرێت لە پاش گوێزانەوەتان بۆ ئەو شوقە و ئوتێلانەی كە لە لايەن ڕێكخراوێكی هاوكاريكۆميسيۆنی باڵاوە بەڕێوە دەبرێن.

- له هەموو بنکەکانی میوانداریدا ژمارەی جێگەکان سنوردارن، ئەگەر کەرڤان یان ژووری کەمپەکە بە گیراوی بەجێ بهێڵن لە کاتێکدا کە کەمپەکەشتان بەجێ هێشتووە، لە ئەنجامدا جێگەی کەمتر دەمێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە جێگە هەیە. پلان گیراوەتە بەر بۆ ڕێگرتن لەم جۆرە ڕووداوانە و چارکردنی بەردەوام نەبوونی ئەم جۆرە حاڵەتانە.
- لەبەر ئەوەی کە هەموو ڕێکخراوەکان و پرۆگرامەکان بودجەیەکی دیاری کراویان هەیە، سیستەمی بەراورد کردن و ناسنامە، ناو تۆمار کردنی دووبارە دەدۆزێتەوە و دەیخاتە ناو فایلەکەتانەوە. ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە کە لە داهاتویەکی نزیکداکار بکاتە سەر وەرگرتنی یارمەتیە داراییەکە لە کاتی خۆیدا.ئەگەر دووبارە یارمەتییە داراییەکە وەرگریت، جا بە ئەنقەست بێت یان بە هەڵە بێت، ئەوا کاردەکاتە سەر کەسانێکی تر کە شایستەی یارمەتی دارایین یان سوودمەندن لە پرۆگرامەکە.

**ئەگەر بگوێزمەوە، کەی پارە دەخرێتە سەر کارتە نوێکەم؟**

- بە شێوەی مانگانە یارمەتییە داراییەکە وەردەگرن، لە ئەنجامدا، ئەگەر لە سەرەتا یان لە ناوەڕاستی مانگەکەدا بگوێزنەوە، یارمەتییە مانگانەکەی داهاتووتان لە مانگی داهاتوودا وەردەگرن لە بنکە نوێکەتان. بۆ نموونە: ئەگەر لە ٢ی شوباتدا لە کەمپەکەی کە لێی بوون پارەکەتان وەرگرتووە و گوێزراونەتەوە بۆ بنکەیەکی کۆمیسیۆنی باڵا لە ١٥ی شوباتدا، جارێکی تر لە ڕۆژی پارە پێدانی مانگی مارتدا پارە وەردەگرنەوە لە بنکەکانی کۆمیسیۆنی باڵادا.
- لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە کە کارتەکە و پارەکەش یەکسەر دوای گەیشتنتان بۆ بنکە نوێکە وەرنەگرن، دەبێت ئاگاتان لێ بێت کە هەموو ئەو پارانە خەرج نەکەن کە لە کەمپەکە وەرتان گرتووە لە پێش گوێزانەوەتان بۆ شوینە نوێکە. ئەگەر بێتو هەمووی خەرج بکەن، ئاگاداری ئەوە بن کە هیچ یارمەتییەکی دارایی کتو پڕ وەرناگرن لە پێش مانگی داهاتوودا.
- ئەگەر بەهۆی کاتی گوێزانەوەکەتان ڕۆژی پارە پیدانەکەتان لە کیس چووە یان گوێزراونەتەوە بۆ بنکەیەك کە دەبێت بۆ خۆتان خواردن ئامادە بکەن، تکایە پەیوەندی بکەن بە کارمەندانی ئەو ڕێکخراوە هاوکارەی کۆمیسیۆنی باڵا کە کاروباری بنکە میوانداریەکە هەڵدەسوڕێنێت و کێشەکەیان بۆ ڕوون بکەنەوە.

**یارمەتی دارایی چی دابین دەکات؟**

ئەو برە پارانەی کە پێتان دەبەخشرێت لە ڕێگەی یارمەتی داراییەوە، دەدرێن بۆ دابینکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکان و پێویستی ڕۆژانەی ناوماڵ، وەك: خواردن، هاتو چۆ، پەیوەندی کردن، جل و بەرگ، شت و مەکی پاك و خاوێنی، دەرمانی سادە بۆ حاڵەتی کتو پڕ و پێویستییە بنەڕەتییەکانی قوتابخانە.

**ئایا دەتوانم یارمەتی دارایی زیاتر وەرگرم بۆ هاتو چۆ؟**

ئەگەر نیشتەجێی بنکەیەکی میوانداریت کە لە لایەن کۆمیسیۆنی بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران پشتگیری دەکرێت و کە ئەرکە لەسەرتان بچنە دائیرەی پەنابەرێتی یان بۆ سەفارەت یان بۆ دامەزراوەیەکی تەندروستی **وە ئەم شوێنانە زۆر دوورن لە جێگەی نیشتەجێبوونتانەوە**، کۆمیسیۆنی باڵا لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوە خێرخوازەی کە کاروباری بنکەکەتان هەڵدەسوڕێنێت، یارمەتیدان دەدات لەم هاتوچۆیەدا. بۆ زانیاری زیاتر دەبێت پەیوەندی بکەن بە لێکۆڵەرەوە کۆمەلایەتییەکەتانەوە.

ئەگەر ئەو شوێنانەی بۆی دەچن**نەکەوتبێتە شوێنێکی دوور لە جێگەی نیشتەجێبوونتانەوە**، ئەوا کۆمیسیۆنی باڵا تکت نادات بۆ گەیشتنتان بۆ دائیرەی پەنابەرێتی نە بە ئەو کەسانەی کە لەو کەمپە فەرمیانەن کە لە لایەن دەوڵەتەوە هەلدەسوڕێنرێن و نە بەو کەسانەی کە لەو بنکانەدان کە لە لایەن ڕێکخراوێکی هاوکاری کۆمیسیۆنی باڵاوە هەڵدەسوڕێنرێت، هاتو چۆکردنی ناو شار دەبێت لە لایەن خۆتانەوە پارەکەی بدرێت لەو پارە زیادەیەی کە مانگانە وەریدەگرن.

ئەگەر لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵاوە ئاگادار کراونەتەوە بەوەی کە بریاری گویزانەوەتان بۆ وولاتیکی تر دەرچووە لە چوارچێوەی پرۆگرامی نیشتەجێکردنەوەدا، ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی ( IOM ) ئەو لایەنەیە کە یارمەتیتان دەدات بۆ گویزانەوەتان بۆ ئەو ووڵاتە.

ئەگەر دائیرەی پەنابەرێتی ئاگاداری کردونەتەوە بەوەی کە ڕەزامەندی دەرچووە بۆ بەیەك گەیشتنەوەتان لەگەڵ ئەندامێکی تری خیزانەکەتان لە ووڵاتیکی تر ( بە پێی یاساکانی دەبلن )، کۆمیسیۆنی باڵا یارمەتیتان دەدات بۆ گواستنەوە بۆ ئەو ووڵاتە.

**ئایا دەتوانم یارمەتییەکی دارایی زۆرتر وەرگرم بۆ چارەسەری پزیشکی؟**

پارە زیادەکەی کە مانگانە وەری دەگرن بۆ دابینکردنی حاڵاتی تایبەت نییە، وەك: چارەسەری پزیشکی، دەرمانی گرانبەها و سەردانکردنی پزیشك بە ئینتیزام لەبەر نەخۆشییە درێژخایەن ومەترسیدارەکان یان بەهۆی کەمئەندامی، نەشتەرگەری و منداڵ بوون.

ئەگەر تووشی بارێکی تەندروستی وا بوون کە باری ئابووریتان قورس دەکات، ئەگەر هەیە کە هەڵبژێردرێن بۆ یارمەتی دارایی گەورەتر. تکایە لەم حاڵەتەدا پەیوەندی بکەن بە کارمەندی کۆمیسیۆنی باڵا یان بەو ڕێکخراوەی کە پشتگیریتان دەکات لەو شوێنەی کە لێی نیشتەجێن، بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی ئەوەی کە ئایا دەتوانرێت پشتگیریتان پێ ببەخشرێت.

**زانیاری زیاتر**

کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران، وەزارەتی سیاسەتی کۆچ، ڕێکخراوە خێرخوازە هاوکارەکان بە هاوبەشی کار دەکەن بۆ دەستەبەرکردن و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ناو کەمپەکان و هەروەها لە بیناکانی بنکەکانی میوانداری و لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ باشکردنی بارودۆخی نیشتەجێ بوونتان. بەردەوام بوونی پرۆگرامەکانی پشتگیری دارایی بۆ ئەو کەسانەیە کە لە کەمپەکانن یان لە بینای بنکەکاندان وە بڕی یارمەتییەکان دەخەمڵێنرێن بە پێی قەبارەی خێزان و جێگەی نیشتەجێبوونەکە کە ئایا خواردنی تێدا دەدرێت یان نا. نابێت ئەو بڕە پارانە زیاتر بن لە داهاتی پشتگیری کۆمەڵایەتی، پرۆگرامی تۆڕی بیمەی دەستەبەرکردن کە لە لایەن دەوڵەتی یۆنانییەوە دەدرێتە یۆنانییەکان. هەر چەندە بڕە پارەکان جیاوازیان نییە، بەڵام چەند ڕێکخراوێکی جیاواز یارمەتییە داراییەکە دەدەن لە ناوچە جیاوازەکان ولە پرۆگرامە جیاوازەکاندا.

هاوکاریتان بەرز دەنرخێنین، بۆ ئەوەی کە پێدانی یارمەتییە داراییەکە بە شێوەیەکی دروست و دادپەروەرانە بێت.